## گفتووگۆی بلاوکراوەی یەکسانی(بلاوکراوەی ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق) لەگەڵ ناسک ئەحمەد سەبارەت بە ٨ی مارسی ٢٠٠٥( رۆژی جیهانی ژنان)

**یەکسانی:**

هەموو دەزانین کە ٨ ی مارس ڕەمزی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بووە لە مێژووی کۆمەڵگای ئینسانیدا. رۆژێکە کە هەڵسوڕاوان وخەباتکارانی ڕێگای ئازادی ژنان دەستکەوت و بەرهەمی کارو خەباتیان دەچننەوەو چاو لە ئایندە دەکەن.

بەبڕوای ئێوە ٨ ی مارسی ئەمساڵ لە عێراقدا دەبێ چ تایبەتمەندیەکی بەرجەستەی هەبێت. بەمانایەکی تر گرنگترین ئەو مەسەلانەی کە دەبێ ٨ ی مارسی ئەمساڵی پێ بناسرێتەوە چین؟.

***ناسک ئەحمەد :***

سەرەتا ریگە بدەن بەبۆنەی هاتنی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ژنان و جەماوەری ئازادیخواز بکەم لەهەر شوینیکی دنیا هەن. رۆژی ٨ی مارس و ئەو باس ومەسائیلانەی کە لەهەر وولاتیکدا لە رۆژی ٨ی مارسدا دەبێ بوروژیندرێ ، بە تەواوی گرێ خواردووە بە چەند مەسەلەیەکەوە: هەلومەرجێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی کە ئەگوزەرێ، بەرنامە و دەستور وکارێك کە حکومەتەکان و ئەحزابەکان لە بەرامبەر ژناندا پیادەی دەکەن یان لە بەرنامەیاندایە،پرۆژە و بەرنامەی بزووتنەوەی ژنان و رابەران وهەلسوراوانی ئەم بزووتنەوەیە. لەڕۆژی ٨ی مارسدا دەبێ مەسائیلی ئەکتوویل و حەساسی ئەو دەورەیە یان ئەو رۆژگارانەی ژیانی ژنان بوروژیندرێ، تەنها ووتنەوەی کۆمەڵێك شیعاری گشتی و پایەیی کە لەهەموو سەردەمێکدا ئەکرێ دروست بیت، تالاویکە و ٨ی مارس لەماهیەتە خەباتکارانەکەی خۆی دائەتەکێنێ و ٨ی مارس لەرۆژی خەبات بۆ باشترکردنی ژیانمان دەکات بە رۆژێك بۆ بەسەرکردنەوەی بیرەوەری و گوزەراندنی کاتیك لەگەڵ رابردوودا. رابەران وهەلسوراوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان پیوستە گرنگترین گرێکانی بەردەم ئازادی و بەرابەری ژن وپیاو لەم مەقتەعە دیاریکراوەدا دیاریبکەن ، زۆر تیژبینانە ئەو هیزە سیاسیانە بناسنەوە کە لەهەگبەیاندا تاریکی یان رووناکیان پێیە بۆ ژنان و بەرنامەکانیان بە ووردی هەلبسەنگێنن، وە جەماوەری ژنان لەمە ئاگادار بکەن.

ئەمرۆ عیراق هەلومەرجێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی تایبەت وحەساس تیئەپەرینی کەئەتوانم بلیێم زیاترلەهەر بەشیکی تری کۆمەلگا ژیانی ژنان بەم وەزعەیەتەوە گرێ خواردووە. بەدوای هیرشی سەربازی ئەمەریکا بۆ سەر عیراق نزیك بە دوو ساڵە مەسەلەی سەرەکی کە ئەمەریکا لەعیراقدا بەدوایەوەیەتی شکلدانی سیاسیە بە کۆمەلگای عیراق بە قازانجی خۆی، ئەوەی کەلەم دوواییەدا بە ناوی هەلبژاردنەوە لە عیراقدا بەرییانخست سەرباری ئەوەی کە هیچ مەرجیکی هەلبژاردنی تیا فەراهەم نەبوو، هەنگاوی گەورەی ئەمەریکا بوو لەم راستایەدا. هەرچەندە من لەو کەسانە نیم کە خۆیان بەوە سەر مەست کردووە کە دوای هەڵبژاردن حکومەتیکی جێ کەوتوو ونۆرماڵ وەك هەر حکومەتێکی تر لەعیراقدا جیبکەوێ، چونکە ئەو هیزانەی کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداریان کرد هەموویان باندی سیناریۆی ڕەشن و لەبنەرەتدا لەبەرامبەر یەکتریدا لەسەر کورسیەکانی دەسەلات دائەنیشن، بۆیە کەوتنە گیانی یەکتری ئەم هێزانە کە ئیستا پەنجەمۆری هەندێك لە خەڵکیشیان بۆ وەرگرتوون، سیمای سیاسی لیرە بەدوای کۆمەڵگەی عیراق دەبیت وئەوەندەی تر کۆمەڵگا خەڵتانی خوێن دەکات. هەڵبژاردن ببیێت یان نا ، حکومەت دروست ببیێت ،یان نا. زۆری چەك و تۆقاندنی هەر ئەو هیزانەی کە قەرارە سبەینێ حکومەت دروست بکەن، ڕفاندنی کیژۆڵەی ٨_٩ ساڵە، قەتڵی نامووسی ژنان ، بەزۆر حیجاب وچادر کردنەسەری کچان و ژنان، قەدەغەکردنی هاتنەدەرەوەی ژنان و بەشداریکردنیان لە بەڕیوەبردنی کۆمەڵگە، بەکردەوە هەموو ئەمانە قانوون وحکومەتی هەموو کوچەو کۆلانێکی ئەم وولاتەن. سبەینێ ئەگەر جکومەتیش دابمەزرێنن هەر ئەو کردەوانە دەرهەق بە ژنان و ڕادیکالیزمی و بەرەی

یەکسانیخوازی دەکەن، یاسای ئیسلامی بەریوەئەبەن و ئیسلام ئەکەن بە سەرچاوەی سەرەکی قانوون ودەستوری وولات. هەڕەشەکانی سیستانی لەیەکەمین ڕۆژەکانی دوای هەڵبژاردنەوە شاهیدی ئەم ڕاستیەیە. بۆیە دەبێ ٨ ی مارسی ئەم ساڵ ڕەمزی بەگژاچوونەوەی ئەم وەزعیەتە مەترسیدارە بێت، کە دەیانەوێ کۆمەڵگە بکەنە مەملەکەتەکەی مەلا عومەری تالیبان و ئەشکەنجەگای ماف وئارەزووەکانی ژنان و ئازادیخوازان، ٨ ی مارسی ئەمساڵ دەبێ گەورەترین نەخێری ژنان وئازادیخوازانی کۆمەڵگەی عێراق بێت، بە تیرۆریزمی ئەمریکاو ئیسلام و وتیرۆریزمی ئیسلامی..

**یەکسانی:**

**بەجیا لە وەزعیەتێکی سیاسی تایبەت کە لە عێراقدا دەگوزەرێ، بەڵام ئەوەی کە ئێوە لەسەر جێگاو ڕێگای ئیسلام ودەسەڵاتی قانوونی ئیسلامی لە ژیانی ژنان وکۆمەڵگەدا کردتان، تەواوی وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ودنیای عەرەبیش دەگرێتەوە. بەبڕوای تۆ ئەگەر ٨ ی مارس ئاستێکی سەراسەری بەخۆیەوە بگرێت، ئایا دەبێ هەمان ئەو تایبەتمەندیانەی هەبێت کە لە عێراقدا باستکرد؟!.**

***ئاسک ئەحمەد :***

وەزعیەتی ئێستای عێراق وەك ووتم لەئاکامی جەنگی نارەوای ئەمریکادا لە دژی خەڵکی عێراق،بەتەواوی کۆمەڵگای خستۆتە سەر ئاستانەی هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری. لەعێراقدا ئێستا تەنیا مافیاو باندی تیرۆرستی ئیسلامی و ئەمریکی لەهەموو شوێنێك حاکمن. بۆیە وەزعیەتی ئێستای عێراق ناکرێ بەهیچ وولاتێك بشوبهێنرێ. بەڵام ئەوەی کە حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ودنیای عەرەب وئەو وولاتانەی کە دینی ئیسلام سەرچاوەی قانوون ویاساکانی کۆمەڵگەن، لەجەهەنەمدا دەژین. هۆیەکی سەرەکی ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگایانە سەرباری دەوڵەمەندی سەروەت وسامانییان بەڵام لە حاشیەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دنیادا ڕاگیراون، جێگاوڕێگای دینی ئیسلامە لەو کۆمەڵگایانەدا ولەحکومەتکردندا. لەهەر کۆمەڵگەیەکدا شمشێری دینی ئیسلام سەرچاوەی قانوون ویاساکان بن،ئەو کۆمەڵگەیە گۆڕستانی مافەکانی ژنان وئازادیخوازییە وئینسانیەت لەژێر چەقۆدایە. بۆیە سەرەتاییترین ووشە لەسەر مافەکانی ژنان بەناچار و لەیەکەمین هەنگاودا دەبێ بە بردنە ژێر پرسیاری کۆمەڵایەتی وقانوونی دین وشەریعەتی ئیسلام وکەسافەتکاریەکانی دەست پێدەکات. لەیەك قسەدا سەرباری هەلومەرجی تایبەتی هەر یەکێك لەم وولاتانە، بەڵام سەرەکیترین تایبەتمەندی هاوبەشیان ئەسارەتی ژنانە بەدەست دەسەڵاتی ئیسلام وحوکمی شەریعەتی دژی ئینسانی ئیسلامەوە. ئەگەر تەواوی ژنان وئازادیخوازانی ئەم وولاتانە پێکەوە نمایشێکی جەماوەری نیشان بدەن دەتوانێ شیعاری (دەستکۆتا بێت دەستی شەریعەت ودین لەسەر مافەکانمان و ژیانمان) نوێنەرایەتی ئاواتەکانی هەموویان بکات.

**یەکسانی:**

**هەر وەکو خۆشتان باستان کرد، مەسەلەی باڵا دەستی ئیسلام بەسەر ژیانی ژنان وکۆمەڵگەوە بە تەواوی پەیوەندی بەدەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی ئەو وولاتانەوەیە.بەبڕوای تۆ باشتربوونی هەلومەرجی ژنان و لابردنی یاسا ئیسلامیەکان تەنیا بە وەلانانی ئەم حکومەتانەوە گرێی خواردووە، یان دەکرێ لەسایەی ئەم دەسەڵاتانەدا ریفۆرم و ئالوگۆر لە قانوونەکان ویاساکانی ئەم وولاتانەدا بەئەنجام بگات؟**

***ئاسک ئەحمەد:***

وەڵامی ئەم پرسیارە دوولایەنەیە.ئیمە هەمیشە خەبات بۆ باشکردن وئالوگۆرپیکهینان لە ژیانی ئینسانەکاندا بەشیکی سەرەکی کارو هەڵسوڕانمان بووە،تەنانەت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگای ئایدیالی کۆمۆنیستی ریفورم وئالوگۆر بەرەو باشتر بەشیکی جیانەکراوەی ئەم ئیستراتیجیەمانە. لە وولاتانێکدا کە دەسەڵاتە ئیسلامی و سەرکوتگەرەکان لە دەسەڵاتدان، مانەوەی ئەم حکومەتانە لەسەرپێ گرێ خواردووە بە بەڕێوەبردنی ڕەشترین ئیستبدادی بێپەردەوە، گرێ خواردووە بەجەهەننەم و ڕۆژەڕەشیەك کە لە دەروازەی یاسا و ئایدۆلۆژیا و فەرهەنگی ئیسلامیەوە بەسەر جەماوەری ژناندا سەپاندوویانە. دەستبەرداربوونی ئەم حکومەتانە لەم

سەرکوت و ئیستبداد وستەمە ئاشکرایەی کە بۆ ژنانیان هیناوە بەمانای زەهر خوارنە بۆیان تا مەرگ، ریفورم کردن لە ژیانی ژناندا لەلایەن ئەم حکوماتانەوە یانی خستنەسەرپشتی درگا بەرووی هەنگاوی شۆرشگیرانەی جەماوەری نارازی وداخ لەدڵ لەم حکومەتانە بۆ رووخاندنیان. ئەگەر کەسیک تەسەوری وابیت ئەکرێ هەر لەقالبی حکومەتەکەی سعودیەدا نۆرمیك بۆ ژیانی ژنان لەبابەتی سوید بهینریتە ئاراوە تەنانەت ئەگەر بە پرۆسەیەکی شێنەییش بێت، ئەوە بیخەبەری خۆی لە دنیا ولە ئەلف بای میکانیزمی گۆرانکاری سیاسی وکۆمەلایەتی کۆمەڵگە بەیان دەکات. ئەمرو لە ئیران چوونی جمهووری ئیسلامی بۆ ناو هاوکیشەی ریفورم لەژیانی ژنان و ئالوگۆر لەیاسا ئیسلامیەکاندا سەرکەوتنیکی گەورەی جەماوەری نارازی ئیران دەبێت لەپرۆسەی رووخاندنی جمهوری ئیسلامیدا، ئەگەر ئیستا لە ئیران یاسای حیجابی ئیجباری هەلوەشیتەوە ئەوا دەبێ سبەینێ مەلاکان تابووت بۆ خۆیان بەکرد بدەن، چونکە ئەو بزووتنەوە جەماوەریە عەزیم ورادیکالەی کە هەلوەشاندنەوەی یاسای حیجابی ئیجاری بەسەر جمهوری ئیسلامیدا فەرزئەکات تا سەرکەوتنی کۆتایی ناوەستێ. دیارە سەپاندنی ریفۆرم و باشترکردنی ژیان بە هێزی ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتی و جەماوەریانە دەکرێ یان دەسەپینرێ کە لەشانۆی سیاسی ئەو وولاتەدا لە جیگاوریگایەکی کۆمەلایەتی مەحکەم بەهرەمەندن. بەهۆی سەرکوت وبێبەشی ژنان ولاوان وئازادیخوازانی کۆمەڵگەوە ، بوورکانێکی پەنخواردوو لە ئارەزوو بۆ ژیانی ئازاد، ئارەزوو بۆ ئازادی ویەکسانی، ئارەزوو بۆ ئازادی بیروڕاو عەقیدەو قەڵەم وئەندێشە مەوج دەدات. ئەم بورکانە کەمترین فرسەتی بۆ هەلکەویت وەها دیتە دەرەوە کە بەهیچ هێزێك خامۆش ناکرێتەوە. بەلام گرنگ نوێنەرایەتی کردنی ئەو خواستانەیە لە نێو هاوکێشە سیاسیە سەراسەریەکاندا. لەو وولاتانەی کە باستان لیوەکرد داسەپاندنی کەمترین ریفۆرم لە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی وقانوونی ژناندا بەو هۆیەوە کە مەسەلەی ژنان بە ئازادی ومۆدێرنیزمی تەواوی کۆمەڵگاوە گرێی خواردووە، هێزێکی گەورەی جەماوەری ئازادیخوازی پێویستە، بەلام مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە ڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە خۆیان بەر لە هەر کەسێك ئازاد بن و بەقووڵی پەییان بەسەرچاوەو ریشەی چەوسانەوەی ژنان بردبێ،نەك رۆشنبیرانێکی ئێستا کە بە قیناعەوە میوانی هەمیشەیی پانێل و تەوەرەکانی گفتوگۆن لەسەر مافەکانی ژنان و لە دووتوێی لاپەڕەکانی قورئان و لە ڕیشی مەلاکانی ئەزهەرەوە بۆ چارەسەری مەسەلەی ژنان دەگەرێن،یان لەباشترین حالەتدا دەیانەوێ لە ئیسلام وشەریعەتی ئیسلامدا چاکسازی وپینەکاری بکەن تا رووی باسکردنی لەم سەردەمەدا هەبێ. سەرئەنجام ئەمەویت بلیم کە بەئەنجامگەیاندنی ریفۆرمی واقعی لە ژیانی ئینسانەکاندا لەم کۆمەلگا داخراوانەدا کاریکی نەکردەنی نییە، بەلام هەم دەسەلاتداران و هەم خودی ئەو بزووتنەوەیەی کە باشکردنی ژیانی جەماوەر ئامانجیەتی دەزانن کە ئەم کارە سەرەتای ئالۆریگی ریشەییترە لە سیستەمی سیاسی وولاتدا .

**یەکسانی:**

**ئایا پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە، ئەوەی کە دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا ناوی چاکسازی لە دەسەلاتەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست وبەدیموکراتیزەکردنی دەسەلاتەکانی ئەو وولاتانەی لیناوە، دەکرێ بۆ ئەو ئامانجانە کە ووتت کەلك لەم نەخشەیەی ئەمریکا وەربگیرێ؟؟**

**ناسك ئەحمەد**: وەلامی ئەم پرسیارە قسەکردنیکی زۆر هەلناگرێ، عیراق نموونەی ئەم پرۆژەیە بوو کە ئەمەریکا نیشانی دنیای دا. عیراقی نابووتکراو لەباری ئابووری وکۆمەلایەتی وسیاسیەوە، عیراقی شانۆی کیشمەکیشی دووبەرەی تیرۆرستی جیهانی(دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا و بەرەی ئیسلامی سیاسی)، عیراقی ئەمرۆ پیناسەکراو بە شیعە وسوننەوکورد وعەرەب وتورکمان و چنگ کردنەوەی هەریەك لەمانە بۆ پچرینی بەشی زیاتر، عیراقی زیندان بۆ ژنان و مندالان ولاوان وسەرکوتی سەرەتاییترین مافییان بەحوکمی یاسا وشەریعەت وهەلومەرجیکی سیاسی کە ئەمەریکا هینایە ئاراوە... ئەمە ئەو ئەلگۆ نموونەییە لە دیموکراتیزەکردنی وولاتانی رۆژهەلاتە لەلایەن ئەمەریکاوە. ئەمیان زۆر ئەسەفبارە. رەنگە ئەلگۆیەك کە لەم رۆژانەدا لەسعودیە نیشان درا پیکەنیناوی بیت بۆ بیستەرانی، سعودیە یەکیکە لەو وولاتانەی کە گوایە بەپێی ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا کەوتۆتە هەندی چاکسازی و ئالوگۆری سیاسی وکۆمەلایەتی. تا ئیستا لە سعودیەدا شتیك نەبووە بە

ناوی هەڵبژاردنەوە ،چەند رۆژی رابردوو هەواڵی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانیەکانی سعودیە سەردێری هەواڵەکانی کەناڵەکانی راگەیاندن بوو. لەم هەڵبژاردنەدا ژنان نە مافی خۆ کاندید کردنیان هەبوو نە مافی دەنگدان کەواتە ئەنجوومەنی شارەوانی ئەنجوومەنی شارەوانی پیاوانە، لەمەش مەسخەرەتر ئەوەبوو کە پیاوانی شارەکانیش تەنیا بۆیان هەبوو نیوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵبژێرن، نیوەکەی تری ئەنجوومەن جەنابی مەلیك دیارییان دەکات. ئەمەش ئەوتایبەتمەندیانەیە کە جەنابی جۆرج بوش ووتی موقەدەسن و بەشێکن لە کەلتوری ئەم وڵاتانە و دەستیان لێوە نادەین و ئەیانپارێزین.

بەبروای من تەنها ئەو دوونموونە زیندووە بەسە بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی پووچ و گاڵتەجارانەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەی دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا .